# رەنجبەر

سالّی بیستو پێنجەم ژمارە: (٧١٢٠) پێنجشەممە ١٧ / ١١ / ٢٠١٦

25th Year No: 7120 Thu ·17 / 8 / 2016

کوردستانی نوێ

سالّی بیستوپێنجەم ژمارە: (٦٩٤٠) سێشەممە ٩ / ٨ / ٢٠١٦


دووتوێیەکی تایبەتە بەیادی ٣٦ ساڵەی شەهیدبوونی شاعیرو پێشمەرگە جەمیل رەنجبەر

# گوڵبژێرێک لە وەرزی بیرەوەرییەکان

شەهید جەمیل ڕەنجبەر، تێکۆشەرێکی دیار و کاریگەری شۆڕشی نوێو کۆمەڵەو یەکێتی بوو، لەماوەیەکی کەمی تەمەنی لەشۆڕشی نوێدا، بوو بەناوێکی دیارو نموونەی قارەمان و تێکۆشەری بەهەڵوێست، لەزینداندا پیاوی خۆڕاگرو لەخەباتی شاخیشدا پشوو درێژو خاوەن هیواو باوەڕی پتەو بوو بەسەرکەوتنی خەباتی ڕەوای گەلەکەی.

بەداخەوە، ٣٦ ساڵ لەمەوبەرو لەرۆژی ١٩٨٠/١١/١٨ بە بۆردوومانی هێلیکۆپتەرە جەنگیەکانی ڕژێمی بەعس شەهید کراو ئەستێرەی تەمەنی بەرەو ئاسمانی نەمری کشا.

بۆ یادی ٣٦ ساڵەی شەهیدبوونی جەمیل ڕەنجبەر، (هەریار)ی کچی شەهید چەند بیرەوەرییەکی هەڤاڵان و ئازیزانی باوکی لەئەکاونتی خۆی لەفەیسبووک بڵاوکردۆتەوە. ئێمەش پێمان باشبوو گوڵبژێرێکی لێوەربگرین.

هەروەکو هاوکارو هاوپیشەمان ساڵح بێچار ئەلبوومێکی جوانی یادگاری شەهیدی نەمری ئامادەکردووە، کەتێکرا ئەم دووتوێیە جوانەی کوردستانی نوێ-ی لێپێکهات وەکو ڕێزلێنانێک بۆ یادی خەباتو شەهادەتی.

## بیروباوەڕمان جیاواز بوو بەڵام دڵم پێی دەکرایەوە

سەعدی ئەحمەد پیرە لەبارەی شەهید جەمیل رەنجبەرەوە دەڵێت: شەهید جەمیل رەنجبەرم ساڵی ١٩٦٨ ناسی، کە ئەوکاتە شەهید یەکێک بوو لە بەر پرسەکانی بزوتنەوەی قوتابیان و سەر بە باڵی (م.س- پارتی) بوو.

گەنجێکی زۆر جوان، دەنگخۆش، شاعیرو عاشق، چەپێکی واقعی، لەگەڵ ئەوەی من پارتی بووم بەڵام دڵم بەجەمیل و هیوا دەکرایەوە، دوای ساڵی ١٩٧٠ و تێکەڵبوونەوەی هەردوو باڵی پارتی، زیاتر یەکترمان دەدیت، کارمان پێکەوەبوو، خوێندەوارێکی زۆر باش بوو.

مانگی ئازاری ١٩٧٤ بوین بە پێشمەرگە، من بوم بەکارگێڕی ناوچە، بارەگامان لەگوندی ئێندزە و ناودەشت بوو، کاک جەمیل و برادەرەکانی بەنهێنی لە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کاریان دەکرد،ماڵێکیان هەبوو لەچۆمان، بیرمە کاک ئەرسەلان، جەمیل، حاجی مەمۆ، دڵشاد عەبدوڵڵا، د. عومەر حەمەد، شاخەوان ...هتد) بوون.

رۆژێک کاک جەمیل سەردانی کردم لەئێندزە، منیش ئاگادارم کردەوە دەبێت ئاگادارین و چارەسەری خۆیان بکەن، چونگە دەیانگرن، بۆیە پێویستە ماڵەکەیان بگۆڕن.

دەشڵێت: قۆناغی چوارەم دوای رێکەوتنامەی جەزائیر بوو کە هاتە لام، وتی: (بابگەڕێینەوە هەولێر، وا بەئاسانی شۆڕش تێکناچێ، دەستپێدەکەینەوە) زۆرم پێخوش بوو، وتم: ئێوە بڕۆن من چاوەڕێ دەکەم، ئیتر مخابن داخی گرانم نەمدیتەوە.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی.

## دووربین و سەرکردە

عەدنان مامە باس لە کۆبوونەوەیەکی پێشمەرگە دەکات لەکاتی راپەڕینی شاری هەولێر لە ١٩٩١ کە چۆن وتەو رێنماییەکانی شەهید جەمیل رەنجبەر بووە بەئیلهام و رێبازی خەباتیان و دەڵێت: ساڵی ١٩٩١ کاتێ هەولێر ئازاد کرا، شەهید محەمەدی برام وەک رابەری سیاسی تیپ کۆبوونەوەیەکی کرد و تیایدا باسی لەخەونەکانی شەهیدان دەکرد کەچۆن هاتەدی.

بیرمە باسی شەهیدی سەرکردە کاکە (جەمیل رەنجبەر)ی کرد، وتی: (شەهید جەمیل رەنجبەر لە کۆبوونەوەیەک باسی ئەوەی کردووە کە ئێمە تەنها خەبات ناکەین بۆ رزگارکردنی کوردستان، ئەبێ ئێمە لەم شاخ و بیابانەوە خەڵک فێری شارستانیەت کەین، فێریان بکەین کەچۆن عاشقی دیموکراتیەت بن، چونکە وشەی دیموکراتی لای گەلەکەمان کەمێک نامۆیە، دەبێ هەر لەم مینبەرەوە لەناو دۆڵی قوڵی چیاکانەوە دیموکراتی لە دایک بێت و لەناو شارەکانی کوردستان پێ بگرێت و گەورە بێت).

شەهید محەمەد وتی: بزانن هەڤاڵینە، ئەمە خەونی سەرکردەیەک بوو گیانی خۆی بۆ ئەم نیشتمانە بەختکرد و ئێستاش وا لەبەرچاومان هاتەدی، ئێمەی دیموکراتخواز دەبێ پێبگرین و گەورەبین، پەرە بەقسەکانی ئەو جوامێرە بدەین، هیچ کاتێک رێچکەی ئەم کەڵە پیاوە بەرنەدەین.

سڵاو لەمامۆستاو شاعیرو ئەندازیاری دیموکراتی کاکە شەهید جەمیل رەنجبەر و شەهیدی برام کاکە محەمەد کەئەوندەی نەخایاند لە١٩٩١/٣/٢٤ لەکاتی ئازادکردنی کەرکوک شەهید کرا.

## دوا دیدارمان بوو

مامۆستا سەعادەت-ی هاوژینی شەهید جەمیل رەنجبەر، لەم یادەدا بیرەوەریی و فرمێسکەکانی تێکەڵ دەبن و بەشێک لەخۆنەویستی، دنیابینی و دڵسۆزی هاوسەرە شەهیدەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە: شەهید زۆر دەمێک بوو خۆی یەکلاکردوبۆوە، لەجیاتی خۆشییە کەسییەکانی خۆی و خۆشگوزەرانی خێزانەکەی، خەباتی نیشتمانی چوونە شاخی هەڵبژارد.

دوای ئەوەی بەلێبوردنی گشتی ئازادکرا، ئۆخەی نەکرد دووبارە پەیوندیکردەوە بەشاخەوە، لەکۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٨٠ داوای بینیی ئێمەی کرد، منیش منالّەکانم برد و چووین بۆ نازەنین بۆماڵی خاڵە کاکە.

کەبینیمەوە، جەمیل وەک هەمیشەی خۆی، پڕ لەهیوا و بەگڕوجۆش و پێکەنین بوو، ئێمەی زۆر بەگەرمی لەئامێز گرت و تێر منداڵەکانی ماچ کرد، وەک بڵێ ئەمە یەکەم دیدارو و دوا دیدار بێت، (بوێر)ی خستە باوەشی خۆی و (هەرەوەز)یش سەری لەسەر ڕانی دانابوو و (هەریار)یش لێی یاخی بوو و نەدەچوە لای، چەندی دەوت وەرە دوایی دەتبەم لەگەڵ خۆم، هەر نەدەچوو، منیش لەبەرامبەری دانیشتبووم، لەدڵی خۆم دەمووت (بڵێ سەعادەت، دە پێیبڵێ، ئەگەر ئێستا پێینەڵێی کەی پێیدەڵێی؟)، راستی نەدەوێرام پێی بڵێم نەوەک دڵی لێم بتۆرێ، ئەویش جارجار دیگوت (دەڵێی دەتەوێت شتێک بڵێی؟).

بانگی هەریارم کرد وتم کچێ وەرە لای بابە، جەمیل هەستایە سەرپێ هەریاری توند گرت و ئەویش دەیوت بەرمدە، بەپێکەنینەوە گوتی کچێ هەی بێعار تۆ لە منداڵی من دەچی، تۆ لە بابە دەچی، ئنیجا ماچی کرد و هەریاری لەباوەشی خۆی ئارام کردەوە.

منیش دۆشدامابووم لەنێوان ئەوەی پێی بڵێم یان پێی نەڵێم.!.

دواتر بڕیارمدا پێی بڵێم و ئیتر چ دەبێ با ببێت.

جەمیل سەیری کردم، وتی: ئەرێ سەعادەت تۆ شتێکت پێیە دەتەوێ پێمبڵێی؟، منیش وتم: بەڵێ، بەڵام لێم تورە مەبە، ئەگەر ئێمەت خۆشدەوێت و منالّەکانت لەدڵت لا شیرنترە با وەک هەندێک لە هاوسەنگەرەکانت بڕۆین و وڵات جێبێڵێن و لەکوخێکی بچووک بژین لەم ئازارو دەربەدەرییە خۆشترە، هەموو چرکەیەک مردن لەبەر دەرگامانە، تکایە جەمیل گیان تێمبگە با بڕۆین، تۆ نابیە یەکەم کەس سەنگەر جێبێڵی، ئەی ئەوە نیە فلان و فیسار جێیان هێشتووە؟.

بۆ ل٤



ڕەنجبەر

ساڵی بیست‌وپێنجەم ژمارە: (٧١٢٠) پێنجشەممە ١٧ / ١١ / ٢٠١٦
25th Year No: 7120 Thu ·17 / 8 / 2016

# جەمیل ڕەنجبەر سیمبولی شیعر

ئا: ساڵح بێچار

لە مێژووی شۆڕشی نوێی گەلی کورد لە باشووری کوردستان؛ زۆرن ئەو نموونانەی قارەمانی ڕاستەقینەی بێ سازشی زیندانە تاریک و نسرمەکانی ڕژێمی بەعسی شۆڤێنی و شۆڕشگێڕی خۆنەویستی ڕێبازی ڕەنجدەران و کرێکارانی هەژار و نەداری کورد بوون و هەر لەو پێناوەشدا گیانی خۆیان کردووەتە خەڵاتی سووری ڕێگای ئازادی کوردستان و شکۆمەندیی مرۆڤی کورد.

شاعیر و شەهید مامۆستا (جەمیل ڕەنجبەر ١٩٤٧-١٩٨٠) یەکێکە لەو سیمبولانەی کە ڕۆژگار کەمجار کوڕی ئاوا ئازا و بوێر ، مامۆستا و ڕووناکبیر و نووسەر و شاعیری لەو جۆرە بەخۆوە دەبینێت.

ڕەنجبەر بە تەمەنێکی کەمی (٣٣) ساڵییەوە زۆرترین خەرمانی خەبات و شیعر و شکۆی

لە پاش خۆی بۆ جێهێشتین. هەڵبەت دەکرێت لە زۆر کایە و بواردا باس و توێژینەوە لەسەر ژیان و خەبات و شیعر و چۆنێتی شەهیدبوونی ئەو مرۆڤە گەورە و تێکۆشەرە بکرێت.

لەم تۆمارە تایبەتەدا و لە (٣٦) ـەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ئەو قەڵەمە باڵا بەرزەدا تەنها نامەیەکی شەهید کە لە زیندانی ئەبووغرێبەوە بۆ (سەعادەت) خانمی هاوسەری نووسیوە بەبۆنەی لەدایکبوونی (بوێر)ی دووەم کۆرپەیانەوە و چەند وێنەیەکی دەگمەن و ناوازەی تێکڕای قۆناغەکانی ژیانی (ڕەنجبەر)ی بەیداخی لوتکەی هەڵوێست، دەکەینە دیاری خوێنەران.

## نامەیەک لە زیندانەوە

### بۆ بەڕێز دایکی هەرەوەز

چاوەکانت ماچ دەکەم و هیوادارم هەر خۆش و سەلامەت بن لە قووڵایی دڵمەوە هەواڵت دەپرسم هیوادارم تەندروستیت باش بێت و پیرۆزبایتان لێ دەکەم بە بۆنەی زیاد بوونی مناڵەکەتان* و هیوادارم هەمووومان بۆ یەکتری بمێنین.

گیانەکەم: لەبەر پەلەپەلی و نەبوونی کات نەمتوانی زۆر درێژە بدەم بە نووسینەکەم، ئەوەندە نەبێت کە سڵاوم بگەیەنە هەموو ئەندامانی خێزانی ماڵی باوکت و ماڵی باوکم دەستەکانیان ماچ دەکەم هیوادارم هەر خۆش بن.

گیانەکەم ناتوانم چ تەعبیرێک بکەم لەم ڕووەوە چونکە لە کاغەزێکا جێگەی نابێتەوە. هەر دەتوانم یادت بکەمەوە.

چاوەکەم، پانتۆڵێکی سپیم بۆ بدورن کە قانیعە** دەزانێت، کەلوپەلی مێرگەسورم بۆ بگەڕێننەوە. چونکە ڕادیۆ و تەسجیلی لەگەڵدایە لەگەڵ کەلوپەلی تایبەتی و سێ چوار شریتی بەتاڵم بۆبێنن لەگەڵ قاموسی E و کوراسە ئینگلیزیەکان.

من لە ئەبوغرێب لەگەڵ کاک جەبار فەرمان مێردی سەبیحە/ خانەقین، ٧/٢٠ مانگ دێتە مواجهە و زۆر سەلامت لێ دەکات و زۆر یارمەتی دام. لیفکەیەکم پێویستە، نەعلێک. کالەیەکی سپیم هەیە بۆم بێنن ڕادیۆکەم بۆبێنن. هەندێک زەخیرە.

من جێگام زۆر خۆشە ئەرسەلان و کاک دارۆ و جەماعەت بە کۆمەڵ سەلامیان هەیە.

واژۆ

جەمیل

١٩٧٧-٧-١٢

**تێبینی:**

*مەبەست لەدایکبوونی (بوێر) ی کچی شەهیدە کە ڕۆژی (١-٧-١٩٧٧) لەدایکبووە.

** مەبەست لە قانیعەی هاوسەری شەهید جەعفەر عەبدولواحیدە.

**وێنەکان: ئەرشیفی بنەماڵەی شەهید ، ئەرشیفی تایبەتی ساڵح بێچار**



لە ڕاستەوە: نەناسراو، نەناسراو، شەهید جەمیل ڕەنجبەر و شاعیری ناوداری عێراقی محەمەد مەهدی جەواهیری (١٩٧٠)



لە ڕاستەوە: سێیەم کەس شەهید جەمیل ڕەنجبەر لە ڕێپێوانی یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر لە یەکەم ساڵیادی بەیاننامەی ١١ی ئازاردا (١١-٣-١٩٧١)



شەهید جەمیل ڕەنجبەر و سەعادەت خانمی هاوسەری منداڵەکە هەرەوەز)، ئێران ڕەزائیە (١٩٧٤)



شەهید جەمیل ڕەنجبەر و ئەرسەلان بابیز، زستانی ساڵی (



شەهید مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر و فەرید زامدار، ساڵانی هەف



هەرەوەز، بوێر و هەریار، جگەرگۆشەکانی شەهید لە چلەی باوکیاندا، گۆڕستانی سە

ساڵی بیست‌وپێنجەم ژمارە: (٧١٢٠) پێنجشەممە ١٧ / ١١ / ٢٠١٦

25th Year No: 7120 Thu ·17 / 8 / 2016

# و شۆڕش و شەهید



١٩٨٠) زەڵێ



تاکان هەولێر



ید مەعروف هەولێر (٢٤-١٢-١٩٨٠)



شەهید جەمیل ڕەنجبەر لە مەراسیمی دەرچوونی خولی کادیران و دووەم ساڵڕۆژی شەهیدبوونی (شەهید ئارام) دا ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە کە بۆ شەهید ئارامی نوسیبوو، (١٩٨٠/١/٣١) ناوزەنگ



لە چەپەوە: نەناسراو، شەهید ئازاد هەورامی، مامۆستا جەعفەر و شەهید جەمیل ڕەنجبەر زستانی ١٩٧٩- ١٩٨٠



لە ڕاستەوە: سالیحە خان هاوسەری شەهید خەیروڵلا عەبدولکەریم، شەهید جەمیل ڕەنجبەر (منداڵەکە هەرەوەز) و سەعادەت خانمی هاوسەری شەهید - ئێران ڕەزائیە (١٩٧٤)



شاعیری شەهید مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر (١٩٤٧- ١٨ ١٧ / ١٩٨٠)



نموونەی چەند نامەیەکی شەهید جەمیل ڕەنجبەر لە زیندانەوە بۆ سەعادەت خانمی هاوسەری، ساڵانی هەفتاکان

# گوڵبژێرێک لە وەرزی بیرەوەرییەکان

## درێژەی ل ١

خۆ دەتوانی لە دوورەوەش خەبات بکەی، تۆ خاوەن پێنوس و بیروباوەڕی.

تا تەواو بووم لەقسەکانم گوێی لێڕاگرتم، کەتەواو بووم لێم هاتە پێش و دەستی لەسەر شانم دانا، وتی: لەهەموو شت ڕاست دەکەی، ئێوە و منداڵەکانم لێبۆتە نیشتمان، لە چاوی هەرەوەز و هەریار و بوێر منداڵی نیشتمان دەبینم، لەچاوی تۆی میهرەبان شەرەڤی ژنان وکچانی نیشتمان دەبینم، من بەس ئێوەم نیە، هەموو نیشتمان هی منە، وەک ئێوە چاویان لەدەست و بازوو و پێنوسمە.

وتیشی: سەعادەت گیان، من نابم بەکەس و بەراوردیشم پێ مەکە بەکەس، من ڕەنجبەرم، بەجێهێشتنی نیشتمانیش بۆ من مردنێکی ترە، ئەوکات بە ترسنۆکی سەردەنێمەوە، نەک بە سەربەرزی، دەزانی مردن بەسەربەرزی زۆر پیرۆزە؟.

ئەگەر ئێستا شتیک بڵێم باوڕم پێدەکەی سەعادەت گیان؟

وتم: بەڵێ بەدڵنیاییەوە.

وتی: هەرکە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردم و ئەشکەنجەیان دەدام، ئێوەم دەهێنا پێش چاوم و بەرگەم دەگرت، دەموت ئەگەر ئازاد بم ئازدی بۆ تۆو هەرەوەز و هەریار و بوێر و نیشتمان دەهێنم، نەمدەتوانی یەک چرکە نە ئێوە لەبیر بکەم نە نیشتمان، نیشتمانم وەک ئێوە خۆش دەوێت، ناتوانم دەستبەردارتان بم، بۆیە ئەم فکرە لە مێشکت دەرکە.

منیش بێدەنگ بووم، ئاهێکم هەڵکێشا وخۆم پێڕانەگیروا وفرمێسکم لەچاو هاتەخوار. ئەویش وتی: ئەمە سەرەتایەکە بۆ ژیان بەسەربەرزی، ئای سەعادەت ئێمە دەجەنگین تا بژین نەک بمرین، بیری لێ مەکەوە و ئەگەر مردیشین سەربەرزین و ئێوەش هەم سەربەرزن.

ئەو شەوە لەماڵی خاڵە کاکە ماینەوە، بۆ بەیانی خواحافیزییەکی زۆر گەرمی لێکردین و وتی: لەدیداری مناڵەکان تێرنەبووم، دیسان دەتانبینمەوە و وتیشی: بمبورن ئەرکم هەیە دەبێ بڕۆم... ڕۆیشت و ڕۆیشتم، نەمدیتەوە، ئەوە دوا دیدارمان بوو.

دوای چەند هەفتەیەک هەواڵی شەهیدبوونیان پێڕاگەیاندم،

> **لەهەموو شت ڕاست دەکەی، ئێوە و منداڵەکانم لێبۆتە نیشتمان، لە چاوی هەرەوەز و هەریار و بوێر منداڵی نیشتمان دەبینم**

گێڕایەوەو وتی: کیژە تاقانەکەم (ڕەمزیە) واتا سەعادەت، زۆر بەنازو دڵنەواییەوە گەورە کردبوو، لەسەردەمی ئێمە بەگونجاویان دانەدەنا کیژ خوێندن تەواو بکات، من ئەم فکرەم پێ خۆش نەبوو ڕەمزیە لەخوێندن دەربێنم وەک دەستەخوشکەکانی و ئامۆزایەکانی، بۆ ئەم مەبەستە دژایەتی هەموانم کرد هەتا (حاجی محەمەد) یش و بەزۆری و بەنهێنی خوێندی، ناوەندی و خانەی مامۆستایانم پێ تەواوکرد، دیار بوو چەند جارێک (جەمیل) لەڕێگای مەکتب بینیبووی، ڕای لێ بوو.

جەمیل سەرەتا چووە لای عەبدولخالقی برام بۆ داواکردنی، چونکە وا تێگەیەندرا بوو حاجی محەمەدی باوکی ڕەمزیە پیاوێکی توندی دیندارە، لەوانەیە ڕازی نەبێ، چونکە جەمیل مەیلی کۆمۆنیستی هەبوو.

عەبدولخالق بەماوەیەکی زۆرکەم ئاشنای جەمیل بوو و زۆری خۆشویست، هەرچەندە جیاوازی تەمەن لەنێوانیاندا هەبوو، بەڵام ڕێگرنەبوو لەبەردەم جەمیل تا دڵسۆزی و خۆشەویستی عەبدولخالق بۆ خۆی ڕاکێش بکات.

براکەم بە توندی دوا لەگەڵی و وتی: جەمیل پیاوێکی هەتا بڵێی مەردو ڕۆشنبیرە و دەبێ مێردی پێ بکەی و لەویشت باشتر دەستناکەوێت، دەنا هەتا عومرت ماوە بەقەیرە کچی دەمێنیتەوە، هەر دەڵێی ئەو پیاوە نا و ئەمە نا.

هێشتا من جەمیلم نەبینیبوو، بەڵام ستایش و باسکردنی براکەم بۆ جەمیل وای لێکردم پەرۆشی بینینی بم.

ڕۆژێکیان جەمیل و براکەم هاتن وەک یەکترناسینێک، یەکسەر دەستی ماچ کردم و هەستێکی زۆر نزیکم بۆ دروست بوو کە ئەم کوڕە قۆزە زۆر دەمێکە دەناسم، لەدڵی خۆم وتم ڕاستە کوڕێکی زۆر جیاوازە، بۆیە دەبێ ڕەمزیەی تاقانەی براکانی باقی ژیانی خۆی لەگەڵیا بەسەر ببات.

قسە خۆشەکانی جەمیل و ئاوەدانی و ڕێزی، دیار بوو وای لە ڕەمزیەش کرد کەدڵی پێخۆش بێت، کات هات و ڕۆی و جەمیل بووە ئەندامێک لەئێمە و خوا (هەرەوەز)ی پێبەخشین، هەموو ڕۆژ دەهات و زۆرجار هاوڕێیەکانی دەهێنا ودەیوت:

دایە فەوزیە بەئیجازەت، ئێمە خۆمان دەعوت کردووە بەدەستاوە خۆشەکانت، جا نانی ڕەقیش بێت.

دەموت: نا کوڕی خۆم تۆ و ناو ماڵەکەمان، هەر پێچ کوڕەکانیشم زۆریان خۆش دەویست و پێی سەرسام بوون، سەردانی خوشک و براکانیشمی دەکرد و هەمویان خۆشیان دەویست.

پاشان درێژەی بەقسەکانی دا: ڕۆژێکیان لەحەوشە خواردنم دروستدەکرد و بەدیار تەباغەکەوە دانیشتبووم، هەرەوەزیش تازە پێی گرتبوو لەپێشم یاری دەکرد و سەعادەتیش لە قوتابخانەبوو، هەر ئەوەندەم زانی جەمیل و شەهید جەعفەر عەبدولواحید هاتنە ژوورێ، یەکەسەر سەری ماچ کردم و وتی: هەڵمەستە دایە، دوو کورسی هێنا یەک بۆ خۆی و یەک بۆ جەعفەر دانیشتن و هەرەوەزی کردە باوەشی و تێر ماچیکرد و هەندێک یاری لەگەڵ کرد، ئینجا ڕوویکردە من وتی: دایە ئیشێکم هەیە بە ئیجازەی ئێوە دەمەوێت بیکەم.

منیش وتم بڵێ کوڕم ئەوەی بەمن بکری تەقسیری ناکەم.

وتی: دەمەوێت لەم حەوشە گەورەیەی کە لێی دانیشتووین شوێنێک دروست بکەم، بۆ ئەوەی کوبوونەکانمانی لێبکەین، یەکسەر وتیشی هیچ خەمی مام حاجیشت نەبێ ڕازی دەکەم، بەڵام من ڕای

ژێرزەمین و ژوورێک، بەڵکو دەتوانین هەیکەلی هەموو وڵات دروستبکەین، وامان مەبینە.

هاوڕێکانی دایانە قاقای پێکەنین، چونکە دەیانزانی جەمیل مەبەستی چیە، هەتا جەعفەر وتی: بلیمەتی جەمیل ئەوەیە کرێکاری و سیاسەت و ئێستاشی پێکەوە بەستەوە.

ئێستاش ئەو ژوورە ماوە کە بەدەستی جەمیل و جەعفەر عەبدولواحید دروستکراوە، ئینجا وتی: ڕەمزیە تا ئێستاش زۆر سێبووری بەم ژوورە دێت و هەمووجار پێش ئەوەی لەهەندەران بێتەوە من بۆی ئامادە دەکەم، ئێوەش هەرسێکتان لێرە پەروەدە بووەن، ئەم ماڵەمان پڕە لە بیرەوەریی ڕەنجبەرو خەباتی نهێنیی خەم و ئازارەکان.

فرمێسکی سڕیەوەو وتی: جەمیل ڕەنجبەر خاوەن بیروباوەڕێکی زۆر پتەو بوو، چەندین جار لەلایەن بەعسەوە هەوڵ دەدرا لەخشتەی بەرن بە دەستکەوت و پۆستی گەورە، بەڵام یەک زەڕڕە کاری لە جەمیل نەکردوە، بەڵکو ئەشکەنجەو بەندیخانەو مردنی پێ باشترە بووە لەوەی خۆی و بیروباوەڕی بۆ پۆستێک بفرۆشێ.

ڕۆحی پاکت ماچ دەکەم کوڕە ئەمە کۆستێکی گەورە بوو.

دەگێڕنەوە، دوای ئێمە کە ڕۆیشتین، بۆ عەسرەکەی دوبارە زۆر بەپەرۆشەوە گەڕاوەتەوە ماڵی خاڵە کاکە و سەیری باخچەکەیانی کردووە، نە هەرەوەز نە هەریار نە بوێری لێ بووە، دەڵێن زۆر دڵگران و غەمگین بووە.

ڕۆحت شاد سەربەرزین بە ناوت ڕەنجبەری من، بەیادە خۆش و ناخۆشەکانتەوە ماوم.

### هاوڕێکانی دایانە قاقای پێکەنین

داپیرم (فەوزیە یونس نادر) واتا خەسوی شەهید جەمیل ڕەنجبەر، ئاگاداری خەباتی نهێنی شەهید جەمیل ڕەنجبەرو سەرکردەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە لەو قۆناغەدا، بۆخۆشی یەکێک بووە لەتێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری و هاوکارێکی جددی ڕێکخستنە نهێنییەکان بووە.

بەزمانی سادەو زاراوە شیرینەکانی


هەریار کچی شەهید جەمیل ڕەنجبەر

دەمەو ئێوارەیەکیان ئەوکاتانە بوو کە حاجیش لە ماڵ بوو، عەبدولخالق هاتە ماڵمان، خاوەن زمانێکی شیرین بوو، توانی حاجی ڕازی بکات، مایەوەوە ڕەمزیە و هەر هەمان ڕۆژ بە ڕەمزیەشی وت، دیار بوو ڕەمزیە ڕەفزی دەکردو و دەیووت مێردناکەم،

براداەراکانت کوڕی منن، ئێرەش ماڵی خۆتانە خوای دەکرد ئێوە دەهاتن.

خێرا خێرا دانەدەنیشت و یارمەتی دەدام لە ئامادەکردنی خواردن، ئەمە بۆ من تازە بوو، چونکە نەریتی ئەوکات واباو بوو نابێت لەکارو باری ناوماڵ پیاو یارمەتی ژن بدات، ئینجا هەتا برادەکانیشی وەک خۆی ڕوح سوک و دۆستپەرست بوون ئەوانیش یارمەتیان دەدام، بەدەم یارمەتیەوە دیوت دایە تۆ خواردنت دروستکردو ماندوو بووی، کفرە ئێمەش بخۆین و لەشۆێنی خۆمان ڕاکشێین نابێ و ناشێ هەر عەیب و شورەییە و هەتا خواش قبوڵ ناکات، ڕووی تێکردم وتی ئەدی وانیە؟، وتم. زمانت بەستمەوە کوڕم، بڵێم چی.

داپیرەم بەهەنسکی ساردەوە بەردەوام بوو و وتی: جەمیل پیاوێکی خزم دوست و بەڕێز ڕۆشنبیرو دەنگ خۆش بوو، ڕۆژ نەبوو بەدەنگە خۆشەکەی ئاوەدانی و بزە نەخاتە

تۆم ویست چونکە ڕای تۆم لەلا لەهەمووشت گرنگترە، گوتم: باشە ماڵ ماڵی خۆتە دروستی بکە.

بۆ بەیانی سێ هاوڕێی هێنا، شەهید جەعفەریش نزیکترین هاوڕێ و بەردوام لەگەڵی بوو ئەویش هات، دەستیان کرد بەکارکردن و ئیسماعیل و نەجاتیش بەردەستیان دەکرد،

جەمیل بەدەنگە خۆشەکەی وبەنوکتە، کاتەکانیان بەدەم ئیش وکارەوە بەسەردەبرد و منیش خواردنم بۆیان ئامادە دەکردو وخزمەتیانم دەکرد و ئەوانیش خەریکی کرێکاری بوون، بە ماوەی مانگێک زیاتر توانیان (تونێل) ژێرزمینکی پتەو و جوان و لەسەریشی ژورێکی چوار بەچوار دروست بکەن، وتم: جەمیل ئێوە موهەندیسیشن دەک ماشاللەتان لێبێ.؟

وتی: دایە ئەمە بەس بیرکردنەوەی دەوێت، ئەی مێشک بۆ چییە؟، ئێمەش گەنجین توانامان زۆرە نەک


شەهید جەمیل ڕەنجبەر لەگردبوونەوەیەکی جەماوەری بەبۆنەی ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠

تەمەن کورتەکەم.

### پۆستەری شەهید

مامۆستا (مەعروف جەژنە)ش بۆ هەمان یادی ئەو شەهیدە وتی: لە ڕۆژە مەزنەکانی تەمەنمدا، ساتی ڕاپەڕینی (دیانا) و دەورووبەری بوو، ئەوکات جێب قیادەیەکی سەربازیم پێ بوو، منیش زۆر دەمێک بوو پۆستەری ڕەنجبەرم لا بوو لەگەڵ خۆم بۆ هەڵمەتەکان دەمگێڕاو ئەولاو ئەم لام پێدەکرد.

هەر ئەم ڕۆژە بوو منیش پۆستەری شەهیدم بەجێب قیادەکە هەڵواسی و بەجۆشوخرۆشەوە هەڵمەتی زیاترمان بردە سەر مۆڵگەو بارەگا سەربازییەکان، ئەوەی مایەی دڵخۆشی بوو و ڕەنج و ماندووبوونمانی لەبیر دەبردەوە، خەڵکەکە بەفرمێسکی شادی پێشوازییان لێدەکردین و پۆستەری شەهیدیان ماچ دەکرد.

دوای چەند ڕۆژێک، جاشێکی خۆفرۆش کەئێستا گوڕ بەگۆڕ بووە، هەرچەند چاو و ڕوشی نەبوو سەیرمان بکات لەبەر وێنەی شەهید جەمیل ڕەنجبەر ڕێگای لێگرتین، داوای جێب قیادەکەی لێکردین، من و هەڤاڵی شۆفێر بەرەنگاری بووینەوە، هەڤاڵەکە وتی: (تۆ نازانی بەرەنگاری کێ بوویتەوە، یەک مۆڵگەی سەربازی نەیانتوانی بەرەنگارمان ببێتەوە تۆ چی ئێستا هاتویتە بەردەممان داوای جێب-مان لێ بکەی، ئەی نازانی ئەمە ئۆتۆمبێلی مامۆستا مەعروفە، ئەی خۆفرۆش نابینی پۆستەری کێمان لێداوە.؟) ئینجا زۆر بەتوندی بەدەرگای جێبەکە خستییە سەر زەورییەکە.

شەهید جەمیل بووە وزەیەک بۆ خۆڕاگری ئەو گەنج و لاوانەی کە بەشداری ڕاپەڕینیان کرد.

لەگەڵ شەهید بوونی شەهید زۆر کەس دەست وئەژنۆی شکاو واوی لەزۆریشمان کرد بەجۆشەوە بەردوام بین لەخەبات، بۆیە وەک بەڵێنێک بۆ تۆڵەی شەهید و بۆ ورە بەرزیمان لە ڕاپەڕینەکە ئەو پۆستەرەم بەجێبەکەوە هەڵواسی.

هەرچی بکرێت بۆ شەهید هەرکەمە، چونکە هەوێنی سەرکەوتنەکانمان بوو، جگە لەوەش بەهاری تەمەنی بۆ ئێمە بۆ ئێوە بەخشی.

سڵاو لە ڕۆحی ڕەوانی ئەو قەڵەمە بوێرو تیژە، سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید جەمیل ڕەنجبەر، سڵاو بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهید، درود بۆ گیانی شەهیدانمان..

> **دایە ئەمە بەس بیرکردنەوەی دەوێت، ئەی مێشک بۆ چییە؟، ئێمەش گەنجین توانامان زۆرە نەک ژێرزەمین و ژوورێک، بەڵکو دەتوانین هەیکەلی هەموو وڵات دروستبکەین، وامان مەبینە**

خاوەن ئیمتیاز
د. فوئاد مەعسوم

سەرنووسەر
ستران ساڵح عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
محەمەد کەریم

سەرپەرشتیار
ئاوات کۆکەیی - ساڵح بێچار

دیزاینەر
شیروان عیزەت

کوردستانی نوێ
ڕەنجبەر